ئامانجی غەزالی گەیشتنە بە "جەختی" (یەقین)، کەواتە ئەو گومان ناکات لە پێناوی گوماندا – ئەو گومانگەرا (سکەپسیسیت) نییە. ئەو جەختییەهای دەوێت. غەزالی بە ئەم ڕوانگە مرۆڤییەی سۆفی و پراکسیسی سۆفیانە نموونەی محەمەدی پێغەمبەری دەهێنێتەوە کە دەڕوانێشت "بە کەسوی حەرا، لەوە بەتەنیا بوو لەتەک ئەڵاهاکەیدا و دەپاڕایەوە، کە ئیدی ئارەزوەکان گەتیان: محەمەد سەرزەندانە ئەڵەای خەی خێش دەوێت"(48). بڕگومان ڕوانگەی هزرین و ئامانی سۆفییانە پرسەی بوون بە پێغەمبەر نییە (یان ئایا ناشێت ئەوە بێت؟!). ئاخر کاتەک گریمانە دەکرێت کە لە پێغەمبەرێتیدا ئاستی لە دەرەوە، بەڵەی سروشەوە، وەک پەیام بە مرۆڤ دێت / دەنەرێت، ئەوا گریمانەکە هاوکات مەبەستی ئەو پەیامەشی لە خە گرتووە، واتا ئاگایاندنی ئاستییەکە بە کەسانی دی – لایەنی کەم لە فەرمی هەبەستدا (شیعەردا). بە دیدی غەزالی تەنیا پێغەمبەر(ێک) دەتوانێت باڵاترین پلەی هەچوونی هەبێت کە ئیدی بەبە تەقەلادان و تەنیا بەڵەی سروشی خودایییەوە "زەرینەی هەرە زەری ئاستییەکان" بەی بەیان دەبن (نەک تەکەای ئاستییەکان)، لەڕشەدا ئاشکرایە کە پێغەمبەری موسەمانان "خاتەمولئەنبیائە"، ئەمەش بەواتای، ئیستا کەتایی هێنراوە بە پرسەی ناردنی سروش. کەواتە ئایا ئەمەیە هەی سەرەکی کە بەچی سۆفی ناوەڕێت / ناتوانێت ئایبگەیەنێت گەیا بووە بە "پێغەمبەر" یان دەیشارێتەوە و ئەو نهێنییە تەنیا بە لایەنگرانی نزیکی ئادگەیەنێت؟ بە هەر حاڵ، کاتەک

پێغەمبەر(ک) دەتوانێت ڕاستییەکە بە هاتووەکان لایەنی کەم لە فەرمی هەبەستدا بداتەوە، ئەوا غەزالی جەخت دەکات، سەفی ناتوانێت دوایەمین ئەزموونەکانی خەی دەربڕێت، چونکە ئەم پلەیە "بە وشە وەسف ناکرێت"، یان چونکە "هیچ کەس ناتوانێت بە وشە دەریببڕێت، گەر ئەوش بکات، دەربینەکەی هەڵەی تێدەکەوێت."(49) لەم ڕوانگەیەوە غەزالی دەیەوێت تەنیا ببڕێت، کە لە نەزەری ڕاستەوخۆی ئینتوئیتیفدا (چێژتنی عیرفانیدا) شتەکان وەک ئەبژەکتیڤی بە کەسی نەزەرکەردوو بەیان دەبن بەبێ ئەوەی بتوانێت دەریان ببڕێت.
چێژتنی عیرفانی بەواتای فەنابوون / نەمان (Entwerden) کە تەرپکی ڕەگەی هەڵچوونی سەفییە. حاڵەتەکانی ئاڕاستەیەکی ڕووەو یەکانەی بوون وەرگرتووە، واتا ڕەوشەکی ئەوتە کە (بە دیدی عارفەکان بەگشتی) جارە کرەکی مرۆڤ لە بنەڕەتی خودایی جیانەبێتەوە. کەواتە سەفی بە نەهەشتنی جووتنێتیی سەبژەکت و ئەبژەکت، من و جیهان، دەگەڕێتەوە بە سەرچاوە. ئەستا ئیدی کەسی هەڵچوو، گەڕاوە بە سەرچاوە، بە ئاگایی خودا دەتنرێت و هاوکات گەرەگە لەم ڕەوشەیدا لای خودا بمێنێتەوە (بەقاء). ئەمە، فەنابوون، هەروەها ناودنرێت مەرگ، بەگومان مەرگی عیرفانی پێش مەرگی سروشتی. لەم جەڕەی موئایشەدا "مرۆڤ بەگوەڕەی من-ە ئەمپیریەکەی فەنا دەبێت و بەردەوامی بە لەربوون دەدات لە چێنێتیی ناخەکیانەی سەرچاوەییدا کە بە سەفییەکان هاوواتایە بە بنەڕەتی خودایی"(50)، بە شێوەیەکی دی ببڕێن، ئەوان دەیانەوێت "موئایشەی ناخەکیانەی یەکانەی کردەکێتیی خودا"(51) بکەن و هاوکات بەردەوام لای ئەو بمێننەوە.
کەواتە لای غەزالی مرۆڤ بە فەنابوون ئەزموونی ئازادبوونی خەی لە جیهان دەکات. لەم جەیدا گەرەکە چەند پلەیەک بەرەو پاش بگەڕێنەوە: ئاوەز کە جیاوازە لە زەینی ڕاسیونال، توانستە بە ناسینی پەیوەندیی گشتگیر کە لەوەی دەتوانێت خەریکی دەرئەنجامگیریی دروست بێت. لەرەدا "من" هیچ ڕۆڵێک ناگێڕێت، چونکە "من"، بەگوەڕەی هزرینی عیرفانی، لە مەئریفەکانییەوە هەردەم دەرئەنجامگیریی خەگەرا / منگەرا (بە نموونە قازانجی ماددی) ئەنجام دەدات و دەشێت زیان بە کەسان و هەروەها بە خەی بگەیەنێت. بە پێچەوانەوە ئاوەز هەردەم دەیەوێت دروست بیار بدات، بەیە بەرپرسیاری لە ئەستە دەگرێت. وەلە سەرباری ئەو ئەدگارە کرەکییەی ئاوەز تەنیا ئینتەنسیۆن (نەزەری ڕوون و ئاشکرای هەشکی) مرۆڤ و

خودا بەیەک دەگەیەنێت. لەڕ ئاوەز هیچ ڕێگەیەک ناگرێت، بەڵکو ئەستا لە نزاری ڕووون و ئاشکرادا، لە چۆنێتی عیرفانیدا، خودا بە ڕوونایی (نوور) خۆی بە مرۆڤ دەگەیەنێت. نوور وەک پزیسکی خودایی دیار دەدات و "وەک فەنابوونی ڕوانەر بە نەو لەڕوانراو" دەپەخشێت؛ عەبدولقادر ئەلگیلانی (1166 مردوو) ئەم ڕوانینە ڕاستەوخۆیە "لە شکڵی خودا بڕاورد دەکات بە ڕوانین لە خۆر، کە تەیدا کەسی عارف بەهۆی بریسکەی تیشکی درەوشاوەوە نە خۆی و نە شتێکی دیکە دەبینێت. چەند زۆر ئەو لە خۆر نزیک بکەوێتەوە، ئەوەندەش زۆرتر بەشەوارە دەخرێت تا دەگات بەو پێنتە کە ئەو لە خۆر جیانابێتەوە."(52). ئیدی کەس، دوای مەرگی عیرفانی پێش مەرگی سروشتی، بە ئەزموونکردنی یەکانەی بنەڕەتی، خودا لەنەو هەر شتێکی جیهاندا دەبینێت. سەفی بە غەزالی کەسێتییەکی نوێیە کە دەی لە سەرجەم پەیوەندییەکانی بە جیهانەوە بەردراوە و تەنیا بە ستایشی خوداکەی درێژە بە ژیان دەدات.

سێ) واتای ئەمەی غەزالی

ئەمە، لە سەردەمی تەنگژەی قووڵی ئیسلامدا چەوەک ئایین و چەوەک کولتوور، لە خرئاوا توژینەوەکان لەبارەی غەزالی بەتایبەتی و سۆفیزم بەگشتی بۆئەندازە پڕیان سندووە.
عەبدولسەمەد عەبدولحەمید ئەلشازلی کە لەپاڵ "ئەزگارکەر لە چەوتی"دا "میشکات ئەلئەنوار"ی غەزالیی بە ئەمانی وەرگێڕاوە، وایدادەنێت کە نووسینی ناوبراو لەنەو کەبەرهەمی غەزالیدا پگەیەکی تایبەتی هەیە، چونکە "نووسەرەکەی سەبارەت بە ژیانی خۆی و گەڵانی هۆشکیانەی دەدوێت، یان لەبارەی پەیوەندییەکەی بە خوداوە و چۆن ئەو بە ئیمانی پتەوی خۆی گەیشتووە، هەروەها لەبارەی پەیوەندییە ڕۆحنییەکەی بە مەدرەسە ناسراوە ئیسلامییەکانەوە، بەیە بەرهەمکی سەرکیی، بە پێچەوانەشەوە سەرجەم بەرهەمکانی دیکەی لەنەو کەبەرهەمی ئەودا تەنیا لاوەکین (53).
د. ب. مەکدەناڵد لە بەرواردکردنی غەزالیدا بە ئەلئەشعەری دەبڕێت، کە "ئەلئەشعەری بە سەلماندنی لەگیکیانە بەرگری لە ئەقیدەگەری دەکات، وەلە ئەلغەزالی بناغەی سەرجەم جۆختیی ئایینی دەگەنتەوە بە موئایشە لە ئەکستازدا"(54)، لەڕشدا گەڕەکە لە ئەکستاز لای غەزالی وەک لەسەر-خۆ-نەمان، وەک تێپەینی حاڵڵهاتوو لە سنوورەکانی من-ی ئەمپیری بە نەو کایەی ترانسەندەنت، تێبگەین.

وەڵە گەرەکە زەر تایبەت جەخت لە واتای غەزالی بکەین وەک ئاماژەیەکی تۆژینەوە لە تەکست کە ئەرگومێنتی ئاوەز بەهێند وەردەگرێت، بەمەش ئەو جیاوازە لە دانەوەی وشەیی قورئان و حەدیس کە ئەقیدەگەرایان یان وشەگەرایان (ی سەلەفی) پێیانوایە دەکەن تاکو ئەو لە گەڵانی پێوەندییە سەروەرەکانی هەنووکە بگرن و بەوەش دەستاتیان بپارێزن. بە دیدی غەزالی هەر ئەرگومێنتێکی ئاوەز "ئەقیدەنت" بێت (ەوون و ئاشکرا شیاوی لێتگەیشتن بێت) و بەو هەیشەوە "گومانی لێنەکرێت"، ەواڵەتی بە دەرئەنجامگیری دەدات و ناشێت ئەرگومێنتەکان "هاوشێوەی سروشی خودایی، (…) بە هەڵە دابنرێن"، وەڵە گەر پرسگەلی نوێ هاتنە ئاراوە و پێوەند پەیدا بوون ئەرگومێنت و سروش "دژبەژیی یەکدی بکەن، ئەوسا دەبێت قورئان لە واتای خوازەییدا ڕاڤە بکرێت و لە پەناوی ڕاستیەکی قووتردا سیمبۆلییانە بخوێنرێتەوە"(55).

لە لایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی غەزالی "هیوای بە خەڵاسەکی دەرەکی"(56) هەبوو، ئەوا پەلهاویشتنەکانی فەلسەفەی لەوەدا بە مەترسی دادەنا کە بنەماتەکانی ئایینی ئەویان بریندار دەکرد و سەرپرسیان دەگرتەوە: ئافراندنی خودایی، سروش و ژیانی پاش مەرگ. ئەو لەم ڕوانگەیەوە "دوژمنی فەلسەفە" نەبوو وەک سەرجەم. ئیسلامناس فرانک گریفێل لە زانستگەی یەڵ دەبژێت: "هەرگیز غەزالی سەرجەمییانە حوکمی بەسەر فەلسەفەدا نەداوە یان هەتی نەکردەتەوە، بە پێچەوانەوە ئەو وەکسانی دیکە فەرکاری فەلسەفە بوون و بەمەش بناغەی ترادیسیۆنی ئیستەتلیلیان لە کەلامی ئەشعەریدا (ئەمە مەدرەسەی سەروەری تیەلگیی لە ئیسلامدا) هشت. سەرەتا کارەکانی غەزالی دەرفەتیان ەخساند کە بشێت فەلسەفە بەڵێی کەلامی ئەشعەرییەوە بکرێت بە پەکهاتەی هزرینی خۆی"(57).

بەگومان غەزالی سەر بە دابی هزرینی ئەمەیە. لەڕەدا ئەو پرسیارە لە بەردەمماندا زیندەبێتەوە کە داخۆ چۆن ئەمە واتای ئەو بە ئەمە بنرخێنین. تەوانینە دیارهێنراوەکانی سەروە لەبارەی واتای ئەو وەک ەبەرەکی هەشکیانەی سۆفیزم و فەیلەسوفەکی بەواتای نێو مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی، لەنێو جیهانی ئیسلامیشدا لەگەڵن و کارکردن لە هەزری ئەودا هەر بەردەوامە، جا گەرچی لەوە زەر سوننەگەرایانە. وەڵە غەزالی بە دیدی ئەمە لە ووی پرسیاری مێتەدەوە گرنگە، لەڕەشدا لەبەر ئەوەی گومانی مێتەدی لای ئەو لە ئامانجی هزرینی ئەو خۆی جیابێتەوە، ئەوا هاوکات ناچار دەبین "ەخنەیانە" ەچاوی ئاماستە هەشکی-سۆفیستیەکەی بکەین. کەواتە خەریکبوونمان بە ئەوەوە بەم چەشنە دەبێت: "لەتەک" غەزالیەدا "لەدژی" غەزالی.

ئەم دەتوانین "لەتەک" غەزالیدا ببڕین: گومانی مەتەدی پشانمان دەدات کە سونەگەری تەنیا دانەوەی نکخراو یان نکخراوی (هژراوی) ئو نوەرکانە دەهەنت کە پشتر ئبڕکتیفیانە چسپنراون: دانەوەی تەوانینە هزرییکان، ئاستە ئدبی و هونرییکان، هروها بەرهەمهنانەوەی جری کردار و فتاری نوکانی ابوردوو: باوکان، مامستایان، مەلاکان، لە هەموشیان ستەمتر: بانگخوازانی وشگرا یان شت-پرست، ولە هروها بەرهەمهنانەوەی نووسر و هونرمند و ئکادیمییەکان کە بتایبتی پیوندیی پشونە-دروونە (لاسایکردنەوەی ئریجینا) وک بنەتی هزرین و کارکردنی زانستی، ئدبی یان هونری دادنەن. گر بە ئم پیوندییەی ئر تنیا ئو وشانە وربگرین کە ئمە بوون بە دیاردە و بیە استوخ درکدکرن، واتا کارکردنە دگمنە باشکان لە زانست و ئدب و هونردا وەلاوە بنین، ئوا دتوانین ببڕین:

مرقان بگشتی لە زارکییەوە دخرنە بر خوندن، کچی تنانت دوای تەواوکردنی زانستگە ناتوانن دوو ستەی دروست بە زمانی دایک بئاخفن و ئم وشە هیچ پرسیارکیان لا ناهنتە ئاراوە، جا گرچی پرسیار لەو بدەوشەی خیان بواتایە بە لربوونی سسیال و کارکردنی هشکییان؛ مرقان بگشتی قسانی قوتی لخەازی دکن و دخوازن بدەان بن، چونکە ناتوانن هاوشوەی غزالی لە "یز در-بچن"، لە "نو-ئقەیی پیوندییەکان"وە بنە درەوە و چیدی خیان وک ئقە درک نکن، بکو درفتی گانەوە بە لای خیان بخسنن؛ مرقان بگشتی (ئوە بگومان گر سونەتیی استگە بن نک دزی نووسراوکان یان شیدای درکوتنی خیی بن و رواتگرایانە کششی بە بکن) هروا سانا تکستکان دەدنەوە و نووسرتی یان هزرمندیی خیان ادگینن، لە زانستگە بە کەسانەوەی سیتات (ئیقتیباس) و لیکدانیان توژینەوەی ماستر و دکترا تەواو دکن، ولە کارکانیان بدەرن لە "فرم"، واتا نیانزانیوە لە نووسین و توژینەوەدا فرم سرکییە نک خەشتن یان لیکدانی سیتات، کواتە سازاندنی فرمک خمی پشینییە لە خریکبووندا بە هر پرسکەوە کە کس دوروژنت و ئویش خی لە قرای دەدات، ئمش بواتای هیچ تمارکراوکی سر کاغز ناونانرت نووسین یان توژینەوە گر فرمی نبت؛ مرقان بگشتی لاسایگرایانە ئیمانداری و بیروباوەیان ادگینن، هروا سانا و لخەازی دبژن کە ئوان موسمانن، مارکسیستن، کمونیست یان وجودین، لرشدا قورئان دخوننەوە و ناورن دیدکی خنیی ئاستە بکن، یان بە نموونە (لە هەمان بنەتی

مامۆستاکردنی سوننەگەریەوە لەتەک قورئاندا) مانیفێستۆکی ئەوروپی دەخوێنەوە و دەیکەن بە بنەمای بواو خەباتی پراکتیکییان، کەچی ناتوانن و نازانن بپرسن داخۆ ئەو مانیفێستە کە دوو ئەوروپی ئەوروپییانە نووسیویانە، چواندنی بە گرووپە ئێتنییەکانی دەوڵەتی عوسمانی هەبێت(58)؛ مرۆڤان بگشتی دەنگیان خۆش، هەبەستێک وەردەگرن کە ناخیان دەهەنگوێت، ئەوجا بە ئاوازی دانراوی کەسێکی دیکە وەک ستران دەیچڕن، کەواتە ناتوانن لەنێو خەیانەوە "سترانساز" (Liedermacher) بن و لە ئەمەدا خەیاتییان بە دەنگ و وشە بهێنەوە. ئالەنگارییەکەی غەزالی سەرجەمی ئەم کایانە و گەلێکی دیکەش دەگرێتەوە. ئاخر ئەو بە تەحەداوە دەبڕێت: کە گومان نەکات، بەدووی هیچدا ناگەڕێت، ئەوجا کە بە شتێک نەگەیشت، دەرکی هیچ ناکات، ئەوجا کە دەرکی هیچ نەکات، ئەو کەسە لەسەر ڕێگەی چوت دەمێنێتەوە (جا موسڵمان یان کەسێکی تەنراو بێت بە خەیاڵی خاوی کۆمۆنیزم – ئاخر ناتوانین پەیوەند بە ئەوانەوە لە کومونیست بدوێین). لەم هوانگەیەی غەزالییەوە خودەمئریفە گرنگترینی مئریفکانە، چونکە تێیدا سروشت و سنووورکانی خودێتی ساغدەکرێنەوە.

وەلە ئەمە دەتوانین لەدژی غەزالی ببڕێین: کانت سڵماندنکانی نەمریی دەروون و خودایەتی و لەتەک ئەمیشدا ئافراندنی جیهانی لەکارخست. ئەو لە "ڕەخنەی ئاوەزی پەتی"دا دادگەی بە خودی ئاوەز دانا و ئەوجا بە نموونە پەیوەند بە تیۆریی سڵماندنی خوداوە پشانی دا، کە ئاوەز دەتوانێت بە تەزەک هەبوونی خودا بسڵمێنێت، وەلە هەر خودی ئاوەز دەتوانێت بە ئەنتیتەزەک نابوونی ئەو بسڵمێنێت. ئاوەز دەخزێتە نێو ئەم دیالەکتیکەوە، چونکە لەنێو خەیەوە بە پرسیار سەغڵەت دەکرێت، کەواتە لەبەر ئەوەی پرسیارکانی لە دەرەوە نەهاتوون، ئەوا ناچارە وەڵامیان بداتەوە، لەڕشدا دەخزێتە نێو دەرئەنجاماندنی هەڵە و دژبڕیی لەگیکییەوە(59).

بگومان دەشێت بەرانبەر ئەم تەواوینە ڕەخنەییانە ببڕرێت کە غەزالی لەوبەر ئاوەزەوە هوانینی ئینتوئیتیف لە کایەی ترانسسەندەنت (نەشیاوی زانین) وەک توانستکی تایبەت وەردەگرێت. وەلە لایەنگرانی سۆفیزم هەرچەنەک ئاپاڵگەتییانە، یان بە سۆفیستیک (سۆفستە، بە هەزی وشە) هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەم تەواوینە بنەڕەتییەی غەزالی بدەن، هەشتا هەر لای ئەو "حاڵ"ی تێپەیو لە مئریفەی زەینی لەگەڵیە، کە بە ئەو شیاوە، وەلە بە دیدی ئەمە نەشیاوە. کاتێک فەرمان دەدرێت: "لەسەر خۆ بە!"، لەڕدا دەخوازرێت مرۆڤ لەسەرخۆ لە جیهاندا ڕەفتار بنوێنێت، چ خۆی و چ جیهان بهەند وەربگرێت، بە پێچەوانەشەوە مرۆڤ لە حاڵی لەسەر-خۆ-نەماودا

لە من جیادەبێتەوە و خەی بە داغە دەبات بە نێو کایەی ترانسەندەنت کە ئیدی لێرە ئاگایی من نامێنێت. وەک پێشتر بینیمان، غەزالی ڕاگەیاندنی شێ لەدژی من (نەفس) بە پێویست دادەنێت، تاکو من هەبووشێنرێتەوە و لەکاربخرێت، ئەوجا مرۆڤ بچێتە نێو مەرگەوە (فەناوە) کە پێش مەرگی سروشتییە و دوایمین پلەی حاڵی عیرفانییە. وەڵە، وەک یەئاخیم ئێنست مایەر دەبژێت، کەسی سەر ئەم ڕێگایە کە وازی لە ژیانی نەوجیهانی و بەشداریکردنی زیندووی هەناوە، تەنیا خەی وایدادەنێت کە ئێکستاز (لەسەر-خە-نەمان، حاڵ، چێژتن) "ئێقیدێنس"ێ، ئەمەش ڕێوشێکە کە مایەر ناوی دەنێت "فەنامەنی پسیکۆپاتۆلۆگییانەی نامبووون" (وەرگێڕینی نەخشانەی ژیانی دەروونی) کە "وەک وەرگێڕانێکی توخمی موئایەشە دەکرێت. (…) فەنامەنێک وەک نزیککەوتنەوەی دازاین لە سنوور، وەک هاوشێوەی مەرگ دیاردەدات"(60). بەم شێوەیە فەنابوونی من وەک کوژانەوەی خودی هاوکات لەشکی و هەشکی، کەواتە وەک پرسەی نامبووون (ئیغتیراب)، نەمانی زیندووێتییە لە هەر موئایەشەیکی من و جیهاندا. مرۆڤ توانستی ژیان وەک بەشداریکردن لە جیهاندا، وەک سەسیالێتی و چێژتنی پەدراوە بەرجەستەکانی جیهانی کردەکی، لەدەست دەدات – لێیان نامە دەبێت. ئاخر ئەو گیردەی ژگاربوونی خەیتی لە جیهانی کردەکی و کەوتنە نێو داغەی جیهانکەوە کە لە بنەڕەتدا ترانسەندەنتە، یان ووونتر لەتەک فەیەرباخدا ببژین، مرۆڤ کە دوایەکی (بمر) و ناکامیل و بەدەسەاتە، لە ناخیدا خەزگەی نەمری و کامیلێتی، بەختیاری و یەکسانیی مرۆڤ دەپشکوێت، ئەوجا دەیەوێت خەی وەک بمر لەو سروشتە ژگاربکات کە هەردەم بە مەرگ ژیانی ئەو ناهەقە. مرۆڤ لەتاو ئەم هەقیقەتە هەموو خەزگەکانی دەخاتە نێو خودایەکەوە وەک بەدوایەکی، کامیل، ئەبەدی، بەتوانا بە هەر شت، کەواتە دەیپەخشێنێتە نێو خودکەوە کە بەهایی پێچەوانەی خەیتی(61)، لەرشدا نەمری و ژگاریی ئەبەدییانەی مرۆڤ لە ئەودنیا پێشبینی دەکات.

کەواتە گرەکە هاوکات پەیوەندە بە ئالەنگارییەکەی غەزالییەوە بپرسین: ئایا گومان لە پەناوی چیدا؟ غەزالی کە سەر بە "دابی هزرینی خەمانە"، دوای ئەوەی دەرکی دەکەین، زەر تایبەت چە وەک وروژێن و چە وەک دەروو بەرمان دەکەوێت، چونکە ئەمەش کوانی / کچانی هەمان جڤاکی سوننەتین، جا با سەردەم ئاەزتر و جیاوازتر بێت لەوەی ئەو. کەواتە دوای ئەوەی بەریەک دەکەوین، ئیدی ئەمە دەچینە نێو ئەو و ئەو دێتە نێو ئەمەوە. لێرەوە دەشێت گومانە مێتەدییەکەی ئەو کەسکی هزرکردووی پرسیارمەند ببزوێنێت کە بە خەی ببژێت: "ئەو وەرای ئەوها ئادیکال بهزرێت، گومان بکات، منیش ئەو

دڵکەم بە نموونە". سەرباری ئەوە هزرکردووی پرسیارمەند ناتوانێت بچێتە سەر ڕێگە هەزرییەکەی ئەو، چونکە ئەمە پرسیاری ئاسایشی ناخەکی کە گەرەکە بە خۆگیرساندنەوەی سۆفیانە لە خودایەکدا بدیبهێنرێت، کەستی بە نواندنی کرداری ڕەخنەیی و ژیانبگۆڕ گەچ دڵکات – ئاخر وەک گەتمان ڕێگەبینی هەشکیی سۆفیانە بە نامبوون تەواو دەبێت. بە دیدی ئەمە واتای ئەمەی غەزالی لە ڕەسەنێتیی ئەوداییە بە ڕاستیخوازیی هزرین، لەرەشدا سەرەتا مرۆڤ فەر دڵکات دەرکەوەرەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە، کەواتە واز لە لاسایکردنەوەی ڕەفتاری باوی باوک و مام و خاڵانی بهێنێت، زمانی ڕاهاتووی بە قسەی قوت ڕابگرێت، هەموو ئەو شتانە کە دەیانبینێت و دەیانبیستێت، سوێندیان پێدەخوات و خەی لەسەریان بکوشت دەدات، بخاتە ژێر پرسیارەوە، لەم ڕەوتەشدا سەرجەم هزرینی سونەتییانەی خەی هەڕبووشێنێتەوە و پێکهاتە بگۆنکردووەکانی فەڕبداتە دەرەوە، تاکو بتوانێت فەربەت و ئەوجا بزانێت چی لە پێکهاتە ساغەکانی بکات، یان چەن ڕەکیان بخاتەوە، کە ئاشکرایە تەنیا خەریکبوونی ڕەخنەیی بە مێتەدانی دیکەی مەدەرنەوە دەرفەتی بە دەڕەخسێنێت ڕەوتی هزرینی خەیی دابخات، لەرەشدا گومانی تێدا نییە کە تێگەی مرۆڤێتی لای ئەو دەبێت بە بنەڕەت، واتا ئەو تێگەیە کە لە سەرجەم جیهانی سونەتگەریدا لەگەڕ نییە و بەکارهێنانی تەنیا وشەیکی ڕەزمانییە، یان تەنیا دانەوەی ڕواڵەتگەرایانەی هزر و پراکتیکە خەرئاواییەکانە ("وەزارەتی مافی مرۆڤ"!). کەواتە هومانیزمەک وەک ئەنتەرناتیف بە سونەتگەری کە نەهێشتنی (نەفیکردنی) ئیدیاڵگەیانەی مرۆڤێتی و کردنی بە لاسایکەرەوە وەک باڵاترین ئامانجی خەی دادەنێت، بە ئەو مەبەستەش هەموو دەستوەژە ئیدیاڵگەی (ئایینی) و پەروەردەییەکانی بگۆدەخات. بەکورتی: غەزالی دەکەین بە پسیکۆئانالیز وەک پێشپەڵەی زانست و فەلسەفە، یان بنیاتنانی خەیەتی پێش نووسین و کارکردنی هونەری، بگومان هەروەها کرداری هومانیستی لە جیهاندا.

پەراوێز..

1) Abu Hamid al-Ghazali, Der Erretter aus dem Irrtum. S. 5.

2) Ebenda, S. 42.

3) Ebenda, S. 43.

4) Ebenda, S. 43.

5) Ebenda, S. 9.

6) Ebenda, S. 43.
7) Ebenda, S. 10.
8) Ebenda, S. 10.
9) Ebenda, S. 10.
10) Ebenda, S. 43.
11) Ebenda, S. 44 f.
12) Ebendaa, S. 45.
13) Ebenda, S. 45.
14) Ebenda, S. 46.
15) Ebenda, S. 4 f.
16) Ebenda, S. 7.
17) Ebenda, S. 8 f.
18) Ebenda, S. 9.
19) Ebenda, S. 12.
20) Ebenda, S. 13.
21) Ebenda, S. 14.
22) Ebenda, S. 14.
23) Ayman Shihadeh, From Al-Ghazālī To Al-Rāzī: 6th/12th Century Developments in Muslim Philosophical Theology, in: Arabic Sciences and Philosophy, vol. 15 (2005). S. 143. Zitat nach Yusuf Kuhn: Über Vernunft und Offenbarung in al-Ghazālīs Denken.
24) ھەبازی ئیسماعیلی نزیکەی 765 ز. (148 ک.) لە ساڵی مەرگی ئیمام جەعفەر ئەلسادیقدا سەریھەڵدا. ئەمان بەھەی ناکۆکییانەوە سەبارەت بە خەلیفەی ئیمام لە ھەبازی شیعی جیابوونەوە. ئەمان گەتیان ئیسماعیل کە کوڕە گەورەی جەعفەر ئەلسادقی باوکی و فاتیمە بینت حوسەین ئیبن عەلی ئیبن ئەبو تالیب ی دایکی بوو، (حەوتەم) خەلیفەی ھەوایە نەک موسا ئەلکازمی زبرای. وەلە ئیسماعیل لە سەردەمی ژیانی باوکیدا مرد، بەدووی ئەوەشدا ناکۆکی لەسەر پرسی ئیمامەت لەنێو شیعەکاندا سەریھەڵدا و ھەندێکیان لە جەعفەر تێکینەوە، چونکە بە باوەڕی ئەوان ناشێت ئیمامی ھاستینە درێ بکات. سەرباری ئەوە گرووپێکی بچووک وای دانا کە ئیسماعیل لە ژیاندا ماوە، وەلە باوکی لە ترسی کوشتەی مەرگی ئەوی نادروست ھاگەیاندووە و ئەوجا شاردوویەتییەوە، جگە لەوە ئیسماعیل نامرێت تا ھەموو زەمین داگیر نەکات و نەبێت بە سەروەری مرۆڤان. بە ھەر حاڵ، ئیسماعیلیەکان دەمو کۆتایی سەدەی ھەشتەم (دووەمی کۆچی) زەر کاریگەر بوون و ساڵی 909 ی زایینی (296 ی کۆچی) خەلافەتی

فاتیمییان لە تونسی ئەمڕۆ دامەزراند – وەک دوژمنی دەوڵەتی عەباسی، هەی ئەم دوژمنایەتییەشیان دەگەڵایەو بە پشبینییان سەبارەت بە ئیمامی بەخۆش وەک ڕزگاری ئوممەت.
بڕوانە:
Enzyklopädie des Islams. eSlam.de

25) Abu Hamid al-Ghazali. Der Erretter aus dem Irrtum. S. 30. (26) سەبارەت بەم حەدیسە ئەلشازلی لە پەراوێزدا ئاماژە بە ئەو دەدات کە حەدیسەکە لە هیچ کامی کەکراوەکانی ئیبن فوراق، ئەلهەراوی و ئیبن قەییم ئەلغەوسیادا نییە، ئەوجا پشنیار دەکات: "بە ئەم جۆرە حەدیسانە دەشێت خودی غەزالی بە سەرچاوە دابنرێت. جگە لەوە هەندەک پرس هەن کە هیچ تەکستەک لەبارەیان نەگەیەنراوە، بەیاردانیش بە سازاندنی سەربەخۆی بەچوون لەسەر ئەو پرسانە کشێیەکی گەورەیە لە یاسای ئیسلامیدا. غەزالی لەم ڕوشنادا ئەرێنیی گەیشتنی سەربەخۆ بە بیار دەکات. ئەو بە ڕوونکردنەوە نموونەی ئاوەڵانی محەمەد دەهێنێتەوە کە لە لایەنی خیانەوە ئەبو بەکر بە دەسەڵاتداری لەبار دادەنێن و بە خەلیفە هەیدەبژێرن، جا گەرچی لەو بارەیەوە هیچ تەکستەک نەبوو. بڕوانە:
Alschazli: Abu Hamid al-Ghazali. Der Erretter aus dem Irrtum. Anmerkung. S. 136.

27) Abu Hamid al-Ghazali, Der Erretter aus dem Irrtum. S. 35. (28) Ebenda, S. 18.
29) Ebenda, S. 19.
30) Ebenda, S. 20.
31) Ebenda, S. 20.
32) Ebenda, S. 21.
ئەلشازلی پەیوەند بەم سیتاتەی محەمەدەوە وایدادەنێت کە پەغەمبەری موسڵمانەکان بەو دەربڕینە "بڕوای میللیی خەک مەحکوم دەکات"، واتا ئەو بڕوایە "کە هەوە دەدات ئایینییانە تەئویلی فەنەمەنەکانی سروشت بکات. ئەم ئاستەیە کە غەزالی وەسفی دەکات، لایەنگرەکانی دیانەوێت لەو حەدیسەوە کە وەک سیتات هێناوەتەوە، دەربئەنجامنن کە تەنە ئاسمانییەکان گوڕایەیی ویستی بە لەتوژینەوە نەشیاوی خودا دەکەن و بەیە بە مەتەدە ئەزاکتەکان لەناتوژرێنەوە" Ebenda, S. 112, Anmerkung 78.).
33) Ebenda, S. 23.
34) Ebenda, S. 24.

35) Ebenda, S. 40.
36) Ghazali, Abu Hamid Mohammad. Das Elexier der Glückseligkeit, München 2008, zit. nach: Al-Daghstani, Reid: Al-Ghazali und die transzendentale Anthropologie, 144 f.
37) Ghazali, Abu Hamid Mohammad. Das Elexier der Glückseligkeit. S. 40. Zit. Nach al-Daghstani, a.a.O., S. 161.
38) Al-Daghstani, Reid a.a.O. S. 146.
39) Ebenda, S. 151.
40) Abu Hamid al-Ghazali, Der Erretter aus dem Irrtum. S. 46.
41) Ebenda, S. 41.
42) Al-Daghstani, Reid a.a.O. S. 153.
43) Ebenda, S. 153.
44) Ebenda. S. 153.
45) Ebenda. S. 154.
46) Abu Hamid al-Ghazali, Der Erretter aus dem Irrtum. S. 50.
47) Al-Daghstani, Reid a.a.O. S. 155.
48) Abu Hamid al-Ghazali, Der Erretter aus dem Irrtum. S. 47.
49) Ebenda, S. 47.
50) Joachim Nicolay (Hg.) Nahtoderfahrungen. Religion und Christlicher Glaube. Tagungsband 2018. Santiago Verlag 2019. Raid al-Daghstani. Zum Verständnis des Todes in der islamischen Mystik: Die Lehre von fanāʾ. S. 48 f.
51) Ebenda, S. 50.
52) Ebenda, 51 f.
53) Alschazli: Abu Hamid al-Ghazali. Der Erretter aus dem Irrtum. Einleitung. S XX.
54) A. B. Macdonald, S. Artikel, in: Enzyklopädie des Islam, Bd. II, S. 155. In: Alschazli: Abu Hamid al-Ghazali a.a.O., S. XIX.
55) Schneiders, Thorsten Gerald: Die Vertreibung der Philosophie aus dem Islam. Deutschlandfunk, Mittwoch, 13. Juli 2022.
56) Alschazli, a.a.O., S. XXXIII f.
57) Schneiders, Thorsten Gerald a.a.O.
58) لەم ڕوانگەیەوە گەر لێنێو کوردکاندا چەند مارکسیستێک هەبن، دەبێت مانیفێستی خەیان بنووسن، چونکە مارکس و ئینگلس مانیفێستکەیان پابەند بە گۆڕانی مێژوویی ئەوروپییەکانەوە بە

خەباتی پرۆلیتاریی وەتانی ئەوروپا نووسیوە. ئەوان "وەک ئەوروپی" کاریان بۆ "خەیان" کردووە. وەلێ ئەمە لەم پرسەدا لە سەردەمی تەنگژەی ئەخلاق و ژینگەدا یەکسەر بەر جیهانبینیی زەردەشت دەکەوین، چونکە ئەو جیهانبینییە لە کرۆکەوە ئەتیکە (ئەخلاقناسییە) و هاوکات سەر بە دابی هزریی کوردەکان خەیانە. بەگومان کێشەکە لەوەدا ئایین نییە، بەڵکو گرۆکە کرۆکە ئەتیکییەکانی ئەو هزرە بەهێزانە نەو دانوستاندنی مەدەرنەوە لەبارەی سەرجەم بەدەتییە سەروەربووەکانی سەردەم: هزرینی نادروست، بڕژتنی نادروست، کرداری نادروست. ئەوجا پرسیاری ژینگەپارێزی کە پرسێکی هەنووکەیی سەرجەم مرۆڤایەتییە، سەر بە ئەتیکی زەردەشتییە، کەواتە کوردەکان لە دابی دێرینی خەیانەوە پێی ئاشنان. هەروەک هەرەدەت دەبژێت: "هەرگیز زەردەشتیەکان تف ناکەنە نەو ئەوبارەوە. ئەوەندە ڕێزیان بۆ ئەوبار هەیە". ئەمە زۆر ئاسان دەتوانین وشەی ئەوبار وەربگێڕین بۆ ئاو. بەگومان ئەم نەوەرەکە زەردەشتییانە نێک تەنیا لە مانیفەستێکی بۆ چەشنەدا کە ئاماژەمان بۆ دا، بەڵکو لە هەر هزرینێکی ئەتیکییانەی مەدەرندا، واتای زیندوو وەردەگرن.

59) بڕوانە: ئیمانوێل کانت. پێشگەتن بۆ هەر مەتافیزیکێک کە بشێت لە ئایندەدا ببێت بە زانست. کاوە جەلال لە ئەڵمانییەوە. کتێبخانەی کوردەاوم / کوردستانپەست / دەنگەکان.

60) Meyer, Joachim Ernst. Todesangst und das Todesbewußtsein der Gegenwart. Berlin, Heidelberg New York 1982. S. 45 f.

61) Feuerbach, Ludwig: Das Wesen des Christentums. Digitale Bibliothek Band 2: Philosophie. S. 66, S.101.

سەرچاوەکان

سەرچاوەی سەرەکی:

- Abu Hamid al-Ghazali: Der Erretter aus dem Irrtum. Aus dem Arabischen übersetzt, mit einer Einleitung, mit Anmerkungen und Indices herausgegeben von Abd-Alsamad Abd-Alhamid Elschazli. Hamburg 1988.
- أبو حامد الغزالي: المنقذ من الضلال. موقع الطريقة القادرية – زاوية المكتبة الصوفية القادرية

سەرچاوەی لاوەکی:

بە کوردی:

گەرت هەندریش. فەلسەفەی ئەڕەبی-ئیسلامی. بەخنەی فەلسەفەیی فەلسەفە: غەزالی و پاشەوارانی. لە ئەڵمانییەوە: کاوە جەلال.

کوردەاوم / کوردستانپەست / دەنگەکان. سەرچاوە:
Hendrich, Geert: Arabisch-Islamische Philosophie. Geschichte und Gegenwart. Frankfurt/Main 2005.
بە ئەڵمانی
- Al-Daghstani, Reid. Al-Ghazali und die transzendentale Anthropologie. In: M.Karimi & M. Khorchide (Eds.), „Jahrbuch für Islamische Theologie und Religionspädagogik“, Band 4, Teil 1. Freiburg i. Br.
- Al-Daghstani, Reid. Zum Verständnis des Todes in der islamischen Mystik: Die Lehre von fanāʾ. In: Joachim Nicolay (Hg.). Nahtoderfahrungen. Religion und Christlicher Glaube. Tagungsband 2018. 2019.
- Enzyklopädie des Islams. eSlam.de
- Feuerbach, Ludwig. Das Wesen des Christentums. Digitale Bibliothek Band 2: Philosophie.
- Meyer, Joachim Ernst. Todesangst und das Todesbewußtsein der Gegenwart. Berlin, Heidelberg New York 1982.
- Schneiders, Thorsten Gerald. Die Vertreibung der Philosophie aus dem Islam. Deutschlandfunk, Mittwoch, 13. Juli 2022.
- Yusuf Kuhn. Über Vernunft und Offenbarung in al-Ghazālīs Denken.

سەلمە لەنەوان مەندراما و دیدراما و فۆرمکی نوە.. عەباس جەمیل جەماوۆ

ئەوی لەمەندرامای سەلمە* بەدیکرا سە تەوەر لەیەك دەقدا، (هەبجە، ئەنفال، کچی گەنجان)، دوو جوگرافیا و زمانی جیاواز، دوو کارەکتەر، رەژناوایی و رەژهەلاتی (کوردی و ئینگلیزی)، کە

دەرهێنەر زۆر بەجورئەتەوە توانیوێتی ئەو ڕەچەڵەکە بشکێنێ لە یەک کاتدا و دوو فەرمدا، کە خۆی لەخۆیدا لادانێکی هونەری دەگمەنە لە ئێستادا، کە دەکرێ بە بازدان بۆ خوێقاندنی فیلمێکی نوێ لێشانەدا ئاماژەی پێ بکرێت. بە بەشداری دوو کچە ئەکتەری خاوەن ئەزموون، یەکیان کورد بوو کە بە ئیحساسێکی زۆر پر نمایشی دەکرد، هەروەها ئەوی دیکەیان کچێکی فەرەنسی خاوەن سەلیقەی بەرزی نواندن کە بەنەرمی ماموستای لەتەک موفرەدەکانی شانۆییەکە دەکرد لەچوارچێوەی جووڵە دینامیکییەکانی.
مۆنۆدراما بە یەکەک لە هونەرە دراماییەکان ناودەبرێت لەچوارچێوەی شانۆی ئەزمونگەری، هاوکات قورسترینیانە، بە بەرجەستەکردنی یەک کارەکتەر بە گەرانەوەی رووداوەکانی نێو دەقەکە، کە بەرپرسە لەگەیاندنی ئەو پەیامەی کە لەدەقەکەدا بەرجەستەی دەکات هاوشانی ڕەگەزەکانی تری شانۆییەکە، هاوکات ڕەگەزێکی بنەڕەتیە بە جۆگیری رووداو و کێشە دراماییەکە، جیاوازی کەسایەتی بەرجەستەکاریش تێیدا بەردەوام لەگەڕانکاریدایە، چ لەرووی جووڵەو بەت یان دەربڕینەکان کە پێویستە بەجەرەهای جووڵەی دراما لەبازنەی گۆشینی هەست و بیرو بۆچوون و هەڵچوون، چ بەروکەش یان لەرووی دەروونیەوە لەنێوان لاوازی و بەهێزی، ئومێد بەهیوایی، بەدبەختی و ناڕەحەتی و گریان پێکەنین، هتد.
بۆیە مۆنۆدراما پێویستی بەکارەکتەری خاوەن ئەزموونی فراوان و لیهاتوویەکی بەرز و دینامیکی هەیە لەجەستەدا هەروەها توانا سازی لەجەرەهای دەنگ و دەربڕین.
سەلمێ دیاوەت لەم شانۆییە تراجیدییەدا چیرۆکی رووداوگەلێک بگێڕێتەوە کەمێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نێو بازنەی ستەمی پرسەی ئەنفال، لە نووسینی د.دڵشاد مستەفا و سینۆگرافیا و دەرهێنانی نەژاد نەجم، کە تێیدا دەیان هەزار کەسی سڤیل لەژن و منداڵ و پیر و گەنجی گەلی کورد بە جۆرەهای ئامرازەکانی ئەشکەنجەدان و بەدرندانەترین شێوە ئەشکەنجەدران و دواتر زیندەبەچاڵکردنیان، هەروەها کارەساتی هەڵەبجە و کەچی گەنجان.
لێرەدا دەرهێنەر هەوێداوە بەسوود وەرگرتن لە تەکنیکردنی کلتوور و کەلەپووری ڕۆژهەڵاتی بە شانۆی نوێ بچێند جووڵەیەکی بوێرانە نموونەی چەند کارەستێیەکی هەمایی و وێنەی جەراوجێری شانۆیی لە پانتاییەکەدا کە دواتر باسی لێوە دەکەین، کە ئەویش هەنگاوی بەرەو چوونە نێو بازنەی پێست مەدرنێیە لەچوارچێوەی ستایلێک یان فیلمێکی نوێ لەشانۆ.
لێرەدا ئەوەی لە سەلمێ بەدی دەکرێت بەمۆنۆدراما ناوی هاتووە، کە دەکرێ بڵێن مۆنۆدراما نیەو هاوکات مۆنۆدراماشە، چۆن..!؟

لەیەك شانۆ و لەیەك دەقدا كەدابەش بووەتە سەر دوو پانتایی جیا، دوو نمایشمان بینی، كە دەرهێنەر زەر بەوردی كاری تێدا كردووە و هاوكات هەوێدەوە رەسای مانەدرامەش نەشكێنێ، بەواتای دوو جوگرافیای جیا، دوو سینۆگرافیای جیا دوو موفرەدی جیاواز، كەدكرێت بەیەك نمایش ناوببرێت، هەروەها بە ئاوەی ئۆكتەر بەر ئۆكتەر بكەوێت، كە ئەمە بە خەی تەوزەمكی نوێ یان رووونتر ستایلكی تازەیە لەناو مانەدرامادا، كە دكرێ ئەم هەنگاوە ببێتە فەرمكی نوێ لەوچوارچێوەیدا و زیاتر موناقەشە بكرێت لەناو شانۆكاراندا و پاشان بچەسپێندرێت، یان ئۆگەر لەناو مانەدراماشدا نەبێت جەرەك لەتایبەتمەندی سەربەخۆیی خەی وەربگرێت و بخزیتە ناو بوارێكە لەسەر رەچكە ئۆكادیمییەكەی. كە دكرێ بڵێین شایانی ئاوێیە ناوێك وەربگرێ و رەسایەكی تایبەتی هەبێت، نمونەی ئاو كارانەی كە لەپەشدا و چەن كەوتنە سەر رەچكە ئۆكادیمییەكەی لەناو جیهانی شانۆدا، نموونە شانۆی داستانی بریخت یان ئۆدینی باربا یان پیتەر بروك، كەچەن كار لەسەر كلتوورە جیاوازەكان دكات، هەروەها ئەمە چەن شانۆی كلاسیكمان هەیە هەروەها هەمایی، كە پێی دوترێت قوتاپخانە یان ستایل هتد، كەهەموو ئەمانە پاش هاوێ كردنییەكان هاتوونەتە بوون.
وەك پێشتر باسمان كرد مانەدراما بەخەی شانۆی ئەزمونگەرییە، بەواتای ئاوەی شانۆكاران دەتوانن لەئەنجامی ئەزمونكانیان كاری لەمشاوە بەرهەم بهێنن لەچوارچێوە ئۆكادیمییەكەدا.
هەروەها وەك گوتمان لەیەك دەقدا دوو نمایشمان بینی، دوو سینۆگرافیا دوو پانتایی دوو زمانی جیای تێدا بەدی كرا، دەرهێنەر بەم ستایلەی توانی لەیەك كاتدا ئاراستەی چاوی بینەر بە هەردوو نمایشەكە بەلكەش بكات و كەنتاكتی لەگەڵدا بكات، وەك ئاوەی یەك نمایش ببینی بە ئاوەی تووشی ناڕەحەتیان بكات،
بەیە ئەكرێ بڵێین ئەمە بە خەی فەرمكی تازەیە بەناو بهێنین، كە دكرێ لەیەك كاتدا بەمانەدراما ناوی بەرین و مانەدراماش نیە، یان بڵێین دیدرامایە و دیدراماش نیە.
ئاوەی لای من زەر جەی سەرنج بوو كەبەدیم كرد لەم شانۆیەدا، دەرهێنەر زەر بەسەلیقەو هەشمەندیەوە توانیبووی لە رەی ئۆكتەرەوە سینۆگرافیا درووست بكات و ئاماستەكان تەوزیف بكات لەبەرگەكی نوێ و سەرنجراكێشدا.
كاتێك دەڵێین ئەم شانۆیە دەچێتە قاڵبی دیدراماوە، راستە دیودرامایە لەبەر ئاوەی دوو ئۆكتەری تێدا بەرجەستەیە، هاوكات دیدراماش نیە چونكە دوو فەزای جیاوازی هەیە لەیەك كاتدا، هەروەها دكرێ بڵێین مانەدرامایە، بەڵام مانەدرامایە چونكە دوو

فەزای جیاوازی لەخۆگرتبوو، لەگەڵ ئاوەشدا مانەدرامانش نیە، چونکە دوو ئەکتەری تەدا دەبینرا.
ئەمیە مەبەستی ئەمە لەم نووسینەدا کە دەماناوەت پێنج لەسەر وردەکاری روئیاو هەنگاوەکانی دەرهێنەرو مامەڵەکردنی لەگەڵ ورد و درشتی کارەسە و موفرەدە بەکارهاتووەکانی نەو شانۆیەکە دابنێین، هەروەها پێویستکردنی بینەری جدی بەکارەکەوە نەتوانێ خۆی لەو فەزایە گەل بکات و ناچاریان بکات قسەیان هەبێت.
هاوکات لەهەمووشی گرنگتر خاڵەکە کەجۆی سەرنجی رابخنەگر بێت، هەست ناکرێت تەیدا دەرهێنەر دەستی بە شانۆیی تەقلید بردبێت، بەواتای سەمە ناچێتە قاڵبی شانۆی تەقلیدەوە، بەڵام هەماگاری تەدا بووە، کار لەسەر وێنە کرابوو (وێنۆی شانۆیی)، گەڵانەوە بوو بەڵام کردەی شانۆیی تەدابوو، هەمووی حیواربەندی نەبوو، بۆیە ئەم هەنگاوانە پەمان دەڵێن فەمەکە جیاوازە.
دواتر لەڕە نواندن جیاوازبوو لە شانۆکانی تر کە ڕۆژانە لەڕەو لەوە و پێشتر دەمانبینی لەکوردستان یان عێراق، لەڕە نواندن ئیشی لەسەر ئیحساس دەکرد، زۆرترین ئیحساسی ناوەوە، لەگەڵ ئاوەشدا جێستە کاری جیاوازتری کرد، هاوکات سینۆگرافیا و فەزای نمایش کاری گرنگتری کرد.
بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم ئیشە خۆی جیاواز پیشان دەدات لە فەمی مانەدراما یاخۆد وەك شانۆیەکی ئاسایی یان دیدراما، چونکە شۆن بۆیاری دەدا، هەر لەرووی شوێنیشەوە تەوزیفی ڕۆڵی ئەکتەر دەکرا، هەروەها بەرجەستەکردنی چیرۆکەکە.
لە سەلمەدا سێ هەما بەدی کرا لەناو شانۆیەکەدا، کە لەسەر زەوی کەشرابوون، ئاویش هەمای چوارگۆشەو بازنە و سێگۆشە، کە هەریەکەیان لەرووی زانستی دەروونناسیدا بە خۆی گوزارشتی تایبەت هەڵدەگرێ، هەروەها چوار داری وشکەوبوو و پەستاڵەك و سەوەك و گوریسەك و هەندی کەرەستەی تر وەك جل و جانتاو هتد، دیکۆرێکی سادەو پە مانا لەسەر زەوی بوو، جیاواز لەنمایشکانی تر دەردەکەوت، کە دیکۆرێکی زەبەلاحی هەبێت.

.....

*مانەدرامای سەلمە، بەرهەمی گروپی شانۆی هەوارە لە کەرکوك، بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی لەچەند شارێکی هەرێمی کوردستان نمایشکرا.
دوایین نمایشی لە کەرکوك بوو لە 18/2/2024 لەسەر قۆناغی.
بەبەشداری دوو ئەکتەری کچ، هەوار فارس لەکەرکوك و ئەرلللی ئەمپرت لەوەاتی فەرەنسا.

کتێبی جوانیەکانی وەرگێڕانی "لەکەیندا" لە ئەدەبی نوێی کوردیدا.. عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

Mutalib_JwanekaniWargerDownload

خوشکانی ئیسلامیی چۆن پێشوازیان.. لە شیلان عوسمان کرد ؟!.. هیوا محەمەد ئەمین

.. لایەنگیك ی جوان و هونەرمەند لە ژیانی مرۆڤ دا ؛ بەدەر لە هەڵنگدانەوە و ئەزموونکردنی دنیا ی چاکە و خراپە لە ناخی بیرکردنەوە و ئاکاری مرۆڤ دا ، ئازادیە! ئازادیی فەلسەفەیەکە ، کە مرۆڤێك دەسکەڵەت بە گەیشتن بە کەمال ی عەقڵ و مەعریفە و ویژدان ، دواجار ئازادیی هەم فەلسەفەی هەڵوشتە هەمیش هەزرێك ی ناوەکیی و عەقڵیی ، کە هەڵگیك بە هەز ی توانایی و داهێنان ی مرۆڤ دەخسێنێت . کاتێك مرۆڤێك ناخوازێت ئەزمونی فەلسەفەیەك ی لەم جۆرە لە عەقڵ و ئیرادەی خۆی دا پیادەبکات ، ئەوا بەسانایی دەبێتە هەڵبەتەك ی پەڕگرامکراو ، کە ناتوانێت ببێتە خاوەنی ئیرادە ، بیرکردنەوە و داهێنانی خۆی . ماوەیەك لەمەوبەر گرانیبەژ ی کورد خاتون (شیلان عوسمان) ، لەڕێگە ی دەزگاکان ی ڕاگەیاندنەوە بەهاویکردەوە ، کە بووە باڵاپێش و کەتایی بە گرانیگووتن هێنا ! تاکو ئێرە لەوانەیە کارکەر ئاسایی یان وەك ئازادیی و ماف ی تاکەکەسیی بێتەپێشچاو ، بەڵام ئەم باسە تەنیا بەوەندە کەتایی نایێت ، چونکە لایەك نە لە کەمەڵگە ی کوردیی و ئیسلامیەکان دا شتەك بوونی هەیە بەناوی مافی تاکەکەسی، نە ئیسلامیەکانیش بە تەنیا ڕاگەیاندنەك ی لەوجۆرە ی خاتون شیلان دەیان دادسەکنێت! بەڵکو ئامانج لەڕە دا گشتاندن یان چەکردنەوە و توانەوەی کەس ی تاکی (تە) یە لەنێو کەمەڵگەیەك دا کە بە فەلسەفەی هەڵوشت و ئازادیی نامێنێ . بابزانین ئەو هەکارانەی ، کە بەهێز خاتون شیلان عوسمان ی بەرەو دنیای باڵاپێشیی برد چین؟! شەڕۆ و لەکدانەوەکەی من، حوکومدان نیە کە ئاخە کارەك ی باشە یاخود خراپ ، بەڵکو خوێندنەوەیەکە بە ئەو هەکارانە ی کە پاڵ بە کەسەك ی وەك بەهێز شیلان عوسمانەوە دەنێت کە بەرەو دنیا ی خەداپێشین بەوات! هەکاری باڵاپێشیی ئەو تەنیا، کاردانەوەیەك ی فیزیکیی، ئیحساساتیی و هەروەها جۆرەك لە گرێی هەست بە گوناه و ترس لە یەزدان، ترسەك کە ماڵئاوایی لە هەناکیی ژیان و دڵۆڕە کەمەڵایەتییەکەی دەکات، نەك دەرکەوتنی قەناخێکی فیکریی و مەعریفیی بە ئامانج ی گەیشتن بە یەزدانناسیی و فەزیلەتەك ی ئەخلاقیی و ئیلاهیی ، لە ژیانی ئەو خاتونە دا: { عەمەلیاتەك ی قورسم هەبوو ، ووتم ئەگەر سەرکەوتو

بووم وەعدم بۆ خوا دا ، کە ببمە باڵا پۆشبووەی بۆز شیلان دەشت کاردانەوەیەك ی دەرونییش بێت لە بەرامبەر فەرامۆشبووەی ئەو لانەو ژینگەیەك ی هونەریی لە نەو کەمەگەکەی دا. ئەو هونەری ئەمە بە بەمانا وەسف دەکات: { من دەمکە لە بواری گرانیی ماندوم، هونەری ئەستا بەمانایە }. کاتێك ئەو دەبینێت کە ئافرەتانێك ی گرانیبەژ لەمە دا هەن ، کە بەشەوەی نیمچەووت لە تی قی و ئاگیاندنکان دا دەردەکەون و ژیانیان لەسایەی هاوبەشەوە دا زامنە ، ئەو ئیتر نائومێدانە دەخوازێت هەڵبژێرێك ی جیاکارەوە ، بەڵام بە کەرستە ی جل وبەرگی ئیسلامیی لانەوان خۆی و ئەوانە دا بکەشێت و خۆی وەك ئافرەتێکی جیاوازتر و ئازادتر پێشان بدات: { من لە ٩٥ەوە کاری هونەرییم کردووە ، ئێستام باشترە وەك لە کاتی پێشوو }.

لەوانەیە تاکو ئێرە بە ئافرەتێك ی سادە و ساکاری وەك بۆز خاتون شیلان کارێك ی ناشایستە ، ناسروشتیی و کارساتبار نەبێت بە خۆی و کەمەگەکەی ، دواجار ؛ ناڕەوا و بێئەدەبییش نابێت ، ئەگەر بگەینە ئەو باوەڕەی ، کە باڵاپێشیی و عەمرکردنی ئەو لە دنیا ی بیرکردنەوەی خۆی دا تەنیا دەشێت دنیای و دیدگەیەکی تاکەکەسیی بێت ، کە هیچ سود یان بەرهەمێکی بۆ مەعریفە و باڵابردنی هۆشتی کەمەگەی کوردیی نابێت ! دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم ، کە ئیمانداریی و نزیکبوونەوە لە فەلسەفەی یەزدانیی دەشێت تەنیا لە کەشك ی مەعنەویی و زاتیی ئارام و خۆشکردنەوە بە ناخ دا ئەنجام بدرێت ، بەڵام دیوی ناسروشتیی مانیفێستەکەی خاتون شیلان ئەوەیە کە لانەو کەشکی پە ژاوەژاوی دەزگاکانی ئاگیاندنەوە ئەنجام دەدرێت ، کە لە دواجاردا خاتون شیلان دەبێتە قوربانیی و نەچیری خوشکانی ئیسلامیی ، دواجاریش و لە بنچینەدا باڵاپێشیی هیچ پەیوەندیەکی بە ئیمان و یەزدانەوە نیە و یەزدانیش لە هیچ شوێنك ی دڵ ی قورئان دا فەرمانی بە باڵاپێشیی و سەرداپۆشین نەکردووە ؟! ئیسلامیەکان وەکو هەنگوینیان لانەو کلێردار دا دەزیبێتەوە ، هەر زوو ئەم باسەی شیلان عوسمانیان قواستەوە و کردیان بە مانرکی سیاسیی و فیکری ئیخوانیی و بەستنی کۆ و کەمە ، و سازدانی ڤیستیڤاڵ ی (تاجی شکۆ). ئەم ڤیستیڤاڵە ، کە لەلایەن هۆکخراوی خوشکانی ئیسلامیەوە هۆکخرابوو ، نك تەنیا مامەڵەی کەسك ی تاوانبار و تۆبەکاریان لەگەڵ شیلان دا کرد ، بەڵکو سوکایەتیان بە کەسایەتیی خۆی و هونەرە بیست و هەشتساڵەکەی و هەموو ئافرەتێکی نابابەپێش (سفور) کرد ، سەرتا بەم جۆرە شیلان عوسمانیان بە بەشداربووانی ڤیستیڤاڵەکە ناساند: { خاتو شیلان عوسمان کە لە هونەرمەندیەوە گەیشتۆتە بە باڵاپێشیی ... }. بەرنامەی تەلەڤیزیۆنیی (خاتون) *

لە ڤیستیڤاڵەکە دا ئامادەیە و خاتونی بژار بەمجۆرە تاجی زێڕین دەخاتە سەر گرانیبژ شیلان عوسمان: { خوا هیدایەتی شیلان عوسمانی داو کردی بە باڵاپۆش . ماشەڵا ئەو باڵاپۆشیەت لێهاتووە و دڵی گەورەیت }. شیلان عوسمان ی کە بە ئەوی لە مۆغزا و قوتابی قسەکانی بژارە ئیسلامیەکە تێبگات ، بە ئەوی تێبگات کە دنیا و مانای فەلسەفەی جوانیی و گۆبوون بە ئافرەتکی کورد لە دید ، بیر و جیهانبینیی ئیسلامیی سەلەفیی، ئیخوانیی و داعشیەکانی کوردستان دا هەڵگری وەسفە ناسکەکەی گران ی شاعیر بە ئافرەت وگوتە نیە ** ، بەڵکو تەوك ئافرەتێك کاتێك شایستەیی هێز و بوون بە گوتەت پێدەبەخشرێت ، کە عەورەتی ئافرەتانەت داپۆشراو بێت ، وك بەیت تەوك ئافرەتێك تاکو ئەوکاتەی باڵاپۆش نیت ، هەموو جەستەت عەورەت و سیمبۆل ی شەیتان و هەڵگیرسێنەری فیتنە و ئاگری بزواندنی شەهوەتی پیاویت؟! شیلانی داماو و دەستپاچە لە سادەیی خۆی دا لە مەبەستی بژارەکەی بەرنامەی خاتون تێناگات، کە ناڕاستەوخۆ ئەو وك کەسك ی تەوبەکار و خاوەن ڕابوردویەك ی ناشایستە و دزەوی دنیا ی مۆسیقا و گرانیی مامۆستا دەکات.
شیلان عوسمان لەوە دا ، نەك لە ڕابوردوی هونەریی و ڕەوشتی خۆی و هەموو دنیا ی جوانیی و سەرنجڕاکێشیی گرانیی پشتمانە ، بەڵکو دەگاتە ئەو باوەڕەی کە : { داوا لە ئافرەتان دەکەم کە ببنە باڵاپۆش ، ئافرەتی باڵاپۆش جوانتر و بەشخصیەتترە لە ئافرەتی سەروووت . } . ئادەی سوکایەتیپێکردنی خاتون شیلان لەلایەن خاتون ی بژارەوە دەگاتە ئەو ئاست و ئادەیە ی کە ناڕاستەوخۆ تێبگەنێت کە: باڵاپۆشیی تەنك تەنیا ناتوانێت دڵی خوا ڕازیی بکات و لە گوناهکانت خۆشبێت ، بەڵکو بە دەرکردنی پیسیی (نجس) ، سپیکردنەوەی ڕووی خێت لەلای خوا و پاکبوونەوەت لە گوناهی ڕشتنی ئاوی فەسادی هونەری مۆسیقا و گرانیکانت ، دەبێت زیارەتی ماڵی خواش بکەیت ، بەئەمەش بژارەکە مژدەی بەخشینی دیاریی عەمرێی پێدەدات لەلایەن کەسك ی موسوڵمان یان ڕێکخراوەکی ئیسلامییەوە . ئەستێرە و ڕوناکیی خێری خاتون شیلان لەوە دا ئیدی ئاوا دەبێت کە وك ڕێبەتکی پڕگرامکراوی خوشکانی ئیسلامیی: { حیجاب تاجی زێڕینە دنرێتە سەرت ، داوا لەو کچانە دەکەم کە موحجەبە نین و ببنە موحجەبە}.
کۆتایی

▪ ئاماژەیەکە بە شیعری (ئەپەرێتی گوڵی خۆناویی) گران ی

شاعیر .
** ئەم بەرنامە تەلەڤیزیۆنیە لەوتەی هەیە بۆ جارکیش نەبووە کە تاوانکانی داعش و ابو بکر البغدادی بکاتە بابەتێك و تیای دا باسی ئەو تاوانانە بکات کە بەرامبەر کچانی کوردی ئێزدیی کراوە . هەندێ لاگەیاندنە ئەوروپیی و عەرەبیەکان لەو تاوانانە دواون ، خۆشکان و باپاپۆشانی ئیسلامیی کورد هەندێ گەردکیش ویژدانیان بۆ ئەو کچە ئێزدیانەی کە بوونە سەبایا و کۆیلەی موجاهیدە ئیسلامە فاشیستەکان نەبزوا ، ئەو فاشیستە ئیسلامیانەی کە مامۆستای کین و فرێشتنیان پەوەکردن و لە بازاڕەکانی نوخاسێی موسڵ و ڕەققە ی سوریا دا ساخیان کرنەوە . لە دانپێدانەکانی ژنی سەهمی ابو بکر البغدادی (نور ابراهیم) لە کەناڵ ی العربیە دا هاتووە : { ١٠ سەبایا ی کچانی ئێزدیی لە ماڵەکیان دا هەبووە } . یەکێك لەو سەبایانە خاتو (سیپان خەلیل) ی کچە کورد ی چواردە ساڵی ئێزدیە و دایکت : { ابوبکر البغدادی دەیان جار دەستدرێژیی ناموسی کردووەتەوەسەر }

هیوا محەمەد ئەمین
٣ ی ئازار ی ٢٠٢٤
.

ئەم شیعرە ناونیشانی نییە..
ستیڤان شەمزینی

بووم بە ژەر فرمێسکی خەمەوە
خوێن بە لاجانگی شاردا دێتە خوارەوە
ڕۆژمێری وڵات خونناویی بووە
جارکی تر
خوێن مژوومان دەنووستەوە
گوڵە بەنخەشکانی شار
چقڵی خەیان پێدا دەچەقێت

تەمومژی مەرگ
ئاسمانی شاری داپۆشیوە
من لە نێو تەمومژی دەقەکدا
بە دوای سەری قرتاوی ئازادیدا دەگەڕێم
ناتوانم لە نێرگانەی خەم بەمە دەر
دەموەت بڕەم شەقام بھەژێنم
دەشترسم خوێنی ئاژم بکرێتە
یەکەم پەکی ئاشتبوونەوەی ئێو بەقانەی
لە زەلکاوی سیاسەتدا دەقیرێنن
ئەمڕۆ شەشکم بینی
خوێنی نیشتمانی لە بارچوو
باوەڕ بە گوێچکەکانی خەم ناکەم
ئێو دەنگە نەسازە مەرگھێنە
فیشەکی نەفامی کوردایەتی بێت
ئازادیی و نان بکاتە نیشانە
باوەڕ بە چاوەکانی خەم ناکەم
ئێو تابلۆ توڕە کراوە
تەرمی چریکی تازەی وڵاتە
لەگەڵ نزیکبوونەوەی بەهاردا هەڵدەوەرێت
باوەڕ بەو میهرەجانە خوێناویە ناکەم
لەسەر شەستەکانی ئەم شارە
هەڵھەڵەی تەفروتوناکردنی جوانی لەدەدا
زێر دەستەوەستانم
لە کتێبخانەی ماڵەکەمدا دەم و دەچم
وەک ئەوەی حەشیشم کێشا بێت
یان بە خەنجەر بیرکردنەوەم جنرابێت
حەوسەڵەی لادانی پەردەی هەڵکەمم نییە
لە ترسی بینینی ئێو بەچکە شێتانەی
مەیلی رازاندنەوەی مەرگیان هەیە
لە ترسی بینینی ئێو دەمامکدارانەی
دەڵاڵی بە خوێنبەربوونی شارەوە دەکەن
لە ترسی بینینی ئێو گوللە ئەسک تاڵانەی
بە پەلەپەوسکە لە چەکی ژەنگاوی
ئەهلی شەشی چەواشەوە دەردەچن و
لەشی خەرتاو قاژ قاژ دەکەن
لە ترسی بینینی
ئێو قاچاخچییە فەڵاویانەی

نیشتمانیان بۆ سنوورکاندا پێداندەوە
لە ماڵێ دراوسێکاندا هەڵاجیان کرد
هەنووکەش کون و قوژبنی شاریان
پڕ کردووە لە دوکەڵی شەڕەزار
دەیانەوێت شکۆمەندیی پڕ بخنکێنن
سەرم وەک شاخێکی سەهۆڵ بەستوویەتی
شەرم کردەتوە بە ناو پشکی دەم
هەشتا هەڵدەڵەرزێت و قسە دەبزکێنێ
لەو دەچێت ئاخاوتنی بیر چووبێتەوە
رەنگە لە جەلادەکانی شار تەقیبێت
نیەوێت لە ختوخۆایی بکەوێتە
بەر دەستەژی ئاگری دەزخی تووڕەیان
لە خەم ناگەم، هیچ لە خەم ناگەم
وەک ئەوەی ماخەلانم گرتبێت
بە کەڵانەکانی بە ئەقڕیدا
هاتچێ دەکەم
دەموەت بەم شەقام بهەژێنم
دەشترسم نەشوەی ئەم خەونە بزەوە
ببێتە مەرامی کەبوونەوەی قالەنچەکان
لەسەر مێزی کەبوونەوەی ئاودەستەکان
دەترسم و دەموەت
دەموەت و دەترسم
هیچ هەڵپەیەکم بە ناکرێت
تەنها ئەوەندە نەبێت
بە کوێ دەگریم
فرمێسک دەڕپ دەڕپ
کۆمەکانم دەکاتە جگەیەکی ڕش
شاریش تا کەمەری
لە خوێندا نقوم بووە
خ
و
ێ
ن

٢٠١١-٢-١٨
ڕێژی هەینی – کاتژمێر یانزە و نیوی پێش نیوەڕۆ
سلێمانی – گەڕەکی فەرمانبەران

تێبینی: ئەم شیعرە رۆژی دوای خۆپیشاندانی گەنجانی شاری سلێمانی لە رۆژی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ نووسراوە. ئەو دەم لە رادیۆیەکی دەرووەنی گەورەدا بووم، ئایا ببمە بەشێک لە خۆپیشاندەران یان دوورەپەرێزی هەبژێرم؟. رەوتی رووداوەکان بەو بڕیارانەی گیانم دوورەپەرێزیی هەبژێرم، لە بەو هەیوە بێ زەری زەردارەکی رایانکێشامە نەو بەرەی دژەوە، چوونکە بڕیاری ئەپێزیسیۆن ستالین ئاسا، ئەو تێزە سواویان گەرم دەکردەوە ئەوەی لە بەرەی ئەمە نەبێت لە بەرەی نەیارەکانمانە. هەرچەند ئەم شیعرەم هەمان رۆژ نارد بۆ سایتی کوردستان نێت و بۆاوکرایەوە، کەچی ئەوان دەیانویست من بچمە ریزی ئەو ئیخوانیانەی دەستیان بەسەر ناڕازایێتەکەدا گرت و بەردەرکی سەرایان کردە گەڕپانی تەحریری قاهیرە و نوێژی بە کۆمەڵیان تێدا دەکرد، دواجار وا شکایەوە بکەومە بەرەی بەرامبەرەوە، هەرچەند ئەوە تاترین ماوەیە لە ژیانی تایبەتی مندا.

مەڵتکە.. ستار ئەحمەد

تە مەڵتکەی
شیعرێك سووری
هەنار شیری لەدەم ناوی
لەخەر پەلوپێت خواستووە
لەگەڵ چریکەی بەیانا
زمانی کەوت ناسیوە
هەندە لوتکە
لانکی بوونتی گوشیوە
لەسەمای دار تەدەگەیت و
لەهاتنی بەفری چیاو
بازنەی عەشقا دەسرەوی
شیعر بەخوێنت ئاشنایە
بەروارەکان
یادی دونێت دادەپاچن
نشیو نییە
گەرانی تەی نەبیستبە

ئاورنگ نەما
نیگات بەگەڵا داپۆشێ
تۆ لێتەمی
چوار سنووری جوودا دەچی
لەدڵکا
بوویتە بەدارێکی سووتاو
خاچ دەمی تۆورت دەداتێ
لێنوێی گۆ.. بەجێشتری
تۆرمی ئاگر هەڵناگری

ستار ئەحمەد